# یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، کەمینەکان بێ ئومێد دەکات

رۆژی ٢٤-٩-٢٠٠٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پەسند کردو گورزێکی نوێی لە هیواو ئاواتەکانی کەمینەکان داو خەونی عێراقی هیواو ئاواتی پوچەڵ کردەوە.

پەسند کردنی ئەو پڕۆژە یاسایە دژەکرداری لێکەوتەوە، چونکە نوێنەری کەمینەکان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بێبەری دەکات، ئەمەش گەڕانەوە بۆ دواوەیەو لەگەڵ بانگەشەکانی سەرکردەکانی عێراق و ئەمریکاشدا یەکناگرێتەوە.

هەرچەندە کە حزبە ئاشوری و کلدانییەکان هەر لە سەرەتاوە نارەزای خۆیان دیار کردو دژی ئەو یاسایە راوەستان، دواتریش جەماوەری کریستانیەکان (مەسیحی) بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتی خۆیان پێشاندا، خۆپێشاندان و رێپێوانیان ساز کردو پێداگریان لەسەر مافەکانی خۆیان کردەوە. ئەمەش زەنگێکی ترسناک بوو، بەرووی بەرپرسانی بەغداد لێدرا.

لەپێوەندی بەو کێشەیە هێندێک لە سیاسەتمەدارانی عێراقی دڵگرانی خۆیان پێشانداو هاوسۆزیان لەگەڵ کەمینەکان نواند و رەخنەشیان لە یاساکە گرت، ئومێدەواریش بوون کە سەرۆکایەتی کۆمار یاساکە پەسند نەکات و بۆ پەرلەمانی رەوانە بکاتەوە، هەروەها ستێفان دیمستۆرای نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق داخباری خۆی دیارکردو رایگەیاند: 'لابردنی مادەی ٥٠ی تایبەت بەمافی کەمینەکان لەپرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دووچاری نائومێدی کردین' هەر لەم پێوەندەدا هیوای خواست کە دوای جەژن ئەنجومەنی نوێنەران مادەی ٥٠ لەپرۆژە یاساکەدا دابنێتەوە.

ماڵپەڕی نەتەوە یەکگرتووەکان لەزاری سەعید عورەیقاتی وتەبێژی نێردەکەوە بڵاویکردوەتەوە "هیواداریـن هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگدانەوەی هەبێ و ئەو مادەیە بۆ ناو یاساکە بگەڕێتەوە، چونکە لەبەرژەوەندی هەموو هێزە سیاسییەکان دایەو کەمینەکانیش لەتوێژی نیشتمانی عێراق دا بەشێکی سەرەکین". کاتێ کە رۆژی ٢٤ی مانگی رابردوو ئەنجومەنی نوێنەران پرۆژەیاساکەی پەسەند کرد، ماددەی ٥٠ی تایبەت بەنوێنەرایەتی کەمینەکانی لەئەنجومەنی پارێزگاکان لابرد، ئەمەش کەمینە ئاینییەکانی وەکو مەسیحیو ئێزدییەکانی دووچای داخباری و نیگەرانی کردۆتەوەو پێیانوایە ئەگەر مافی نوێنەرایەتییان زەمانەت نەکرێ، نوێنەر ناگاتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

لە لایەکی دیکەشەوە **سەفیە سوهێل** پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە بۆ راگەیاندنی ناردووە، نووسیویەتی: 'بەرپرسیارێتیی نیشتیمانی بەسەرماندا دەسەپێنێ کە داوا لە سەرۆکایەتی کۆمار بکەین تا مافی ڤیتۆ دژ بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەکاربهێنێ و بۆ ئەنجومەنی نوێنەران رەوانەی بکاتەوە تا چارەسەری مافی کەمینەکانی تێدا بکرێ و بگەینە یاسایەک کە مافی هەمووان فەراهەم بکات'

زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی عێراقی و جیهانی پێیانوایە کە یاساکە بەو شێوەیەی ئێستای کارەساتێکی راستەقینەیە و گورزی کاریگەر لە بانگەشەکانی دیموکراتیزەکردنی عێراق دەدات.



پەسند کردنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان رووی راستنی کاربەدەستان و هێزە سیاسیەکانی عێراق ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێ کە ئەوان وەک خۆیانن و نەگۆڕان و بیر لە مافی دیتران ناکەنەوە، تەنانەت سەرکردەی هێزەکانی ئاشوری و کلدانی و تورکمان و ئێزدی و سائبە هەرگیز بیریان لە رۆژێکی ئاوا نەکردبۆوەو پێیانوابوو کە عێراق بەرەو دیموکراتیزەکردن دەڕوات و مافەکانی ئەوانیش لە عێراقی نوێدا مسۆگەر دەبێ، بەڵام ئێستا ئەوانیش هەمان هەستیان هەیەو دەزانن کە سەرکردەکانی عێراق یاری فێڵکردن و کات کوشتن لەبەرانبەر نا عەرەب جێبەجێ دەکەن و هەوڵی بەهێزکردنەوەی عێراق دەدەن و دواتریش خواستەکانی خۆیان دەسەپێنن و گرەوەکە دەبەنەوە.

بێگومان پەسندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەبەرژەوەندی کوردیش دانیە، بەڵام دەرفەتێکی زێڕینی لەبەردەم کوردستاندا کردۆتەوە تا سەرنجی ئاشووری و کلدانی و تورکمان بەلای خۆی رابکێشێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر پەرلەمانی کوردستان پەلە لە دەستووری هەرێم بکات و مافی کەمینەکان مسۆگەر بکات و بیخاتە دەنگدانەوە. ئەگەر ئاشووری و کلدانی و تورکمان ببینن کە لە دەستووری هەرێمدا مافی ئەوان مسۆگەرو پارێزراوە، زۆر لێبڕاوانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە، ئەوکاتە نەک تەنیا کەرکوک بەڵکو نەینەواش بە ئاسانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە.

هەردوو پارێزگای کەرکوک و نەینەوا و بەشێک لە پارێزگای دیالە لە جێناکۆکەکانن، حکومەتی بەغداد دەیەوێ بەهەر فێڵ و سیناریۆیێک بێ ئەوانە لەژێر دەستەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە، تەنانەت بەشێک لە تورکمانەکانیش کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێنەوە، بەڵام لەوەتەی پڕۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە پەرلەمانی عێراقدا بە زۆرینەی دەنگ پەسند کراوە، ئەوانیش وەهۆش خۆیان هاتوونەتەوەو تێگەیشتوون ئەگەر لەگەڵ ناوەند بمێننەوە، مافەکانیان بە قەد ئەو مافە دەبێ کە حزبی بەعس پێی رەوابینیبوون و لەهەموو شتێک بێبەشی کردبوون.

هەر سێ سەرۆکایەتی هەرێم و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەرفەتێکی باشیان بۆ هاتۆتە پێش تا نیاز پاکی خۆیان بە ئاشوری و کلدانی و تورکمان پێشان بدەن، هەم لەم مەینەتیەدا پشتیوانیان لێبکەن، هەمیش لە دەستووری هەرێمدا مافەکانی ئەوان مسۆگەر بکەن. بێگومان پشتیوانیکردن لەوان ئەرکێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی و نیشتمانیەو نابێ درێغی لێ بکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەژەوەندی گەلی کوردستان تەواو دەبێ، هەم دۆستایەتی نێوان گەلی کوردستان پتەوو بەهێز دەکات، هەمیش سنووری هەرێمی کوردستان پارێزراو تر دەبێ.

ئێستا کە پەرلەمانی عێراق شەقی لە مافی کەمینەکان هەڵداوە، دەبێ پەرلەمانی کوردستان ئەوە بقۆزێتەوە، ئەوەی عێراق لێی زەوت کردوون، ئەو بە زیادەوە بۆیان بگێڕێتەوە. ئەگەر هاتوو دەستووری هەرێمی کوردستان مافەکانی ئاشوری و کلدان و تورکمان بە رەوا بناسێنێ و ژمارەی نوێنەرایەتی ئەوان لە پەرلەمانی کوردستاندا دابین بکرێ و داخوازیەکانی ئەوان تێر بکات و نوێنەرایەتی ئەوان لە پۆستە سەروەریەکان و لە پارێزگاکاندا مسۆگەر بکرێ، ئەگەر لە دەستووردا یەکلایی بکرێتەوە کە جێگرەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە نەتەوەکانی دیکەدا دەبن. واتە ئەگەر جێگری سەرۆکی هەرێم ئاشوری بێ و جێگری سەرۆکی حکومەت تورکمان بێ، یان بە پێچەوانەوە، ئایا کوردستان سوودمەند نابێ؟! گومانی تێدانابێ کە ئەوکات ئەوانیش وەک خاوەن ماڵ داکۆکی دەکەن و خۆیان گۆری گەل و نیشتمان دەکەن.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**
hashm_abdulla@hotmail.com

# پێداگری لەسەر هێڵی شین دەکرێ!



حەیدەر ئەلعیبادی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلاف لە هەفتەی رابردوودا لە دیدارێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندبوو کە دەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پشتی هێڵی شین واتە بۆ سنووری ١٩-٣-٢٠٠٣ بگەڕێنەوە، دەنا وەکو میلیشیاکانی دیکە!! لێی دەدرێ.

بێگومان پێشتر نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی بەغدادیش ئەو هەرەشەیەی کردبوو، رێزدار سەرکی هەرێمیش بە توندی وەڵامی دابۆوە، بەڵام پێداگری کاربەدەستانی بەغداد لەسەر کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان رەهەندێکی سیاسی هەیەو ناکرێ و وەڵامیان نەدرێتەوە.

ئەگەر کاربەدەستانی بەغداد هێڵی شین لە جیاتی هێڵی ٣٦ بەکار دەبەن، دەبێ کورد بە گەورەو بچووکیەوە لە دژیاندا بوەستێتەوە، چونکە ئەمە ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، بەواتای ئەوەیە کە بۆساڵی ١٩٩١مان دەگێڕنەوە، واتا بۆ ئەو کاتەی کە رژێمی سەدام لەلایەن سوپای ئەمریکاوە گڵۆپی سەوزی بۆ پێکرابوو، ئۆکەی لێدانی راپەڕیوانی پێدرابوو، ئەو کاتەی کە سوپای بەعس لە ژێر چرای سەوزی ئەمریکا هاتەوە کوردستان و شاری کەرکوکی داگیرکردەوە.

حەیدەر ئەلعیبادی زمانی هەرەشەی بەکار هێناوەو گوتویەتی: 'دەبێ لایەنی کوردی تێبگات کە جگە لە کشانەوە لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، کە ئێستا بە بێ رەزامەندی حکومەتی ناوەند تێیدایە، کە رەواو یاسایی نیە، هیچ رێگەیەکی دیکەی نیە!!'

ئەگەر کوردستانیان لەو لێدوانەی ئەلعیبادی ورد ببنەوە، بۆیان دەردەکەوێ کە زمانی ترساندن و شەڕکردن سەر پشک دەکات و پێمان دەڵێ کە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ رووخاندنی سەدام هەڵەبوو، دەبێ باجی ئەو هاوکاریکردنە بدرێ! ئەلعیبادی پێیوایە دوای رووخانی رژێم پەشێوی و نا ئارامی دروست بووە، بۆیە پێشمەرگە چۆتە ئەو ناوچانەوە کە دراوسێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە حەیدەر ئەلعیبادی زۆر لە سەرانی بەعس دەرمارگیرترە، لانی کەم بەعسیەکان خانەقین و مەخموروو گوێڕو شوێنەکانی دیکەیان بە کوردستان دادەناو ئامادەش بوون کە بەڕێوەبردنی پارێزگای کەرکوک نیوە بکرێ، بەڵام ئێستا حەیدەر ئەلعیبادی ئەو ناوچانە بە دراوسێی پارێزگاکانی هەرێم دادەنێ و نکۆڵی لە کوردستانی بوونیان دەکات. هەموو ئەو هێزانەش رەت دەکاتەوە کە لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی بەغداد دانین، واتە هێزی پێشمەرگە بە میلیشیا ناو دەبات و شەڕکردن لەگەڵ میلیشیاش بە رەوا دەزانێ، لەم سۆنگەیەوە بانگەشەی شەڕ دەکات.

ئەلعیبادی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێستا هەرێمی کوردستان دەستەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکانی شەش پارێزگا درێژ کردۆتەوە، کە بریتین لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک و نەینەواو دیالە!! بەڵام سێ پارێزگا ناکۆکی لەسەرەو دەبێ تا یەکلایی کردنەوە لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی ناوەنددا بمێننەوە!

ئەلعیبادی پێیوایە کە ناوچە ناکۆکەکان دەکەونە دەرەوەی هێڵی شین، بۆ چارەسەرکردنیشیان پێویست بەکاتێکی درێژ دەکات.

گومانی تێدانیە کە لۆژیک و بیرکردنەوەی کەسانی وەک حەیدەر ئەلعیبادی وایکرد کە کێشەو ناکۆکی لە جەلەولاو قەرەتەپەو جەبارەو خانەقین دروست ببێ، ئەگەر ئەو لۆژیکەش سەر پشک بکرێ، شەڕێکی دیکە هەڵدەگیرسێ.

لێرەدا نەک هەر جێگەی پرسیارو سەرسوڕمانە، بەڵکو زەنگی مەترسی و شەڕی پاوانخوازی بە عەرەبکردن توندتر دەبیسترێتەوە، جاران حزبی بەعس لەو پەڕی بەهێزی دابوو، بەتەنیا فەرمانڕەوایەتی عێراقی دەکردو سوپایێکی راهێنراوو پڕچەکی هەبوو، بەڵام ئامادەیی خۆی بۆ دانوستاندن پێشان دەداو لەسەر مێزی گفتوگۆشدا دانی بە کوردستانیبوونی خانەقین و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە دا دەنا، تەنانەت پێداگری کردنیشی لەسەر کەرکوک بۆ مەترسی جیابوونەوەی کوردستان دەگێڕایەوە. ئەی ئەمانەی ئێستا کە دەستەڵاتیان لەرزۆکە بۆ وا دەکەن؟!

**سەربەست کانەبی**

# دادگەی تورک کوشتنی کورد ئەرێ دەکا



ساڵی رابردوو رۆژنامەوانێکی تورک لە رۆژنامەی بۆلو ئێکسپرێس، لەسەرو بەندی کوژرانی ١٣ سەربازی تورک دا بانگەوازێکی بڵاوکردبۆوەوەو داوایکردبوو لەبەرانبەر هەر سەربازێکدا پێنج ئەندامی پایەبەرزی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیکDTP بکوژرێتەوە.

ساڵی رابردوو، رۆژنامەوانی تورک، ئیشان ئەرشەن لە ستوونێکی رۆژنامەی بۆلو ئێکسپرێس دا لە بانگەوازێکدا ناوی هەموو پەرلەمانتاران و سەرۆک شارەوانیەکانی سەر بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک بڵاوکردبۆوە، خواستیبووی لەو رۆژە بەدواوە لە بری کوشتنی هەر سەربازێکی تورک، پێنج ئەندامی پایەبەرزی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، واتە پێنج کورد بکوژرێتەوە، بەوهۆیەوە، سەلاحەدین دەمرتاش، پەرلەمانتاری شاری دیاربەکرد لە رێگەی پارێزەرەکەیەوە لە دادگەدا سکاڵای لە دژدا تۆمارکردبوو، بەڵام دوای ماوەیەک دۆزگەر وەڵامی داواکەی داوەتەوەو پێیڕاگەیاندووە کە ئەمە بە تاوان دانانرێ و دەکەوێتە خانەی دەربڕینی بۆچوونی ئازادەوە!! پاشان پارێزەرەکەی دەمیرتاش گلەیی خۆی گەیاندە دادگەی پێداچوونەوە، کەچی ئەویش هەمان وەڵامی داوەتەوەو بڕیارەکەی دزۆگەری سەرراست کردۆتەوەو ئەوەی بە تاوان پێوانە نەکردووە.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی هەردوو قۆناغی دادگەیی بەرایی و دادگەی پێداچونەوە، ماوەتەوە کە ئایا وەزارەتی داد چی دەڵێ و چۆن لەگەڵ ئەو کێشەیەدا رەفتار دەکات؟!!

ئێستا دوای بڕیاری دۆزگەرو دادوەر، ئیدی راگەیاندنی ناوی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک بۆ کوشتن وەک کارێکی ئاسایی لەقەڵەم دەدرێ! بەوهۆیەوەشەوە نیگەرانی سەری هەڵداوەو ئەندامانی پارتەکە نارەزایی خۆیان لەبەرانبەر بڕیارەکانی دۆزگەرو دادوەر پێشان دەدەن و بە نادادی دادەنێن، وێڕای ئەوەی کە دادگە بە لایەنگری و رەگەزپەرستی تۆمەتبار دەکرێ. ئەم بڕیارەی دادگە واتای ئەوەیە کە راگەیاندنی ناوی مرۆڤی کورد بۆ کوشتن وەک پێچەوانەی هەموو یاساکانی مرۆڤایەتی و هەرگیز لەگەڵ رامانی ئازاد و دەربڕینی ئازاد یەک ناگرێتەوە، بەڵام دادگەی تورک بەو بڕیارەی دەیەوێ ئاسانکاری بۆ کوشتنی کوردان بکات، بەوهۆیەشەوە جیاوازی و هاوێرکاری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی تورکیا درێژەی پێدەدرێ و رەگەزپەرستانی تورک خۆیان بەبراوە دادەنێن، ئەمەش لەلایەن دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپاو یەکێتی ئەورووپا کاردانەوەی توندی لێدەکەوێتەوە.

پارێزەری دەمیرتاش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا سەرسووڕمانی خۆی پێشانداو گوتی: 'ئەگەر بە فەرمی و بە ئاشکرا ناوو وێنەی مرۆڤەکان پێشان بدرێ و داوای کوشتنیان بکرێ و بە تاوان لەقەڵەم نەدرێ؟ ئەی چی بە تاوان دادەندرێ؟!'

پارێزەری دەمیرتاش بڕیاری داوە کە ئەگەر وەزارەتی دادی تورکیا هاوسۆزی پێشان نەدات و ئەو هەڕەشەیە بە تاوان دانەنێ، ئیدی پەنا بۆ دادگەی مرۆڤی ئەورووپاو دادگەی نێودەوڵەتی لاهای دەبات و سکاڵای خۆی بەوان دەگەیەنێ، چونکە ئەمە لە هەڕەشەکردن گەورەترە، هەڕەشە تاکە کەسێک دەیکات، بەڵام ئەمە واتای ئەوەیە کە گیانی مرۆڤ لەبەردەم پیاوکوژان دادەندرێ و هاوکاریان دەگەڵدا دەکرێ.

**ئاگری دەرسیم**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com